# پێغەمبەر یەحیا

## لۆقا ١

جاری ڕابردوو، گەشتەکەمان تەواو کرد لەنێو بەشی یەکەمی نووسراوە پیرۆزەکان، ئەو بەشەی تەورات و زەبوورەکان و نووسینەکانی پێغەمبەران لەخۆ دەگرێ. ئەو بەشەی یەکەم پێی دەوترێ پەیمانی یەکەم، هەروەها ناسراوە بە پەیمانی کۆن. ئەمڕۆ دیراسەتەکەمان لە بەشی دووەم لە ووشەی خودا دەست پێ دەکەین، کەپێی دەوترێ پەیمانی نوێ.

بۆچی خودا پەرتوکی پیرۆزی خۆی کردووە بە دوو بەش، پەیمانی یەکەم و پەیمانی دووەم؟ خودا هۆی زۆری هەبوو بۆ ئەم شتە. ڕەنگە یەکەم شت کە پێویستە بیزانین ئەویە کە هەموو ئەو ووشانەی لە پەیمانی یەکەمدا هەیە لەپێش لەدایك بوونی مەسیح نووسرابوون، و ئەو ووشانەی پەیمانی نوێ لەپاش لەدایك بوونی مەسیح نووسران. بۆیە، پەیامی پێغەمبەرانی خودا لە پەیمانی یەکەم ئەمە بوو: (خودا مەسیح دەنێرێ!) بەڵام پەیامی پەیمانی نوێ ئەمەیە: (خودا مەسیحی نارد، هەروەك بەڵێنی دابوو لە زاری پێغەمبەرانی لە پەیمانی یەکەم!)

ئەم جیاوازییە گرنگە لەنێوان پەیمانی یەکەم و پەیمانی نوێ ڕوونە لاتان؟ هەندێ خەڵك ڕەخنە لە نووسراوە پیرۆزەکان دەگرن لەبەر ئەوەی پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێی هەیە. هەندێ کەس پێیان وایە کە پەیمانی نوێ مانای ئەوەیە کەکەسێك هەوڵی دا نووسینە ڕەسەنەکانی پێغەمبەران باتڵ بکات و جێگۆڕیان بکات لەگەڵ پەرتوکێکی تر! بەڵام بەو شێوەیە نیە. پەیمانی نۆی ئەو نووسینانەی پێغەمبەران لە پەیمانی یەکەم باتڵ ناکاتەوە — بەڵکو نووسینەکانیان جێگیر دەکات! پەیمانی نوێ پێمان نیشان دەدات خودا چۆن ئەو بەڵێن و پێشبینی و نیشانەکانی پەیمانی یەکەم جێ بە جێ دەکات. لە پەیمانی یەکەم، هەموو پێغەمبەران ڕایاندەگەیاند و دەیان ووت: (مەسیح دێت! دێت! دێت!) بەڵام پەیامی پەرتوکی پەیمانی نوێ ئەمەیە: (مەسیح هات! مەسیح، ئەوەی هەموو پێغەمبەران باسیان کرد و لەسەریان نووسی هات! ئەو هات!)

بەڵێ، دەبێت سوپاسی خودا بە دڵێکی پڕ خۆشییەوە بکەین کەوا نووسراوە پیرۆزەکان پەیمانی یەکەم و پەیمانی دووەم لە خۆی دەگرێ. لەبەر ئەوەی لەو دوو بەشەدا، دەتوانین ببینین ئەوەی خودا بەڵێنی دابوو زۆر لەوە پێش — هێنایە دی! خودا ڕزگاری دەرێکی بۆمان نارد، هەروەك بەڵێنی بە باووباپیرانمان دابوو لە تەورات و زەبوورەکان و پەرتوکەکانی تری پێغەمبەران. زەبوورەکان و پەرتووکەکانی تری پێغەمبەران. وەك تۆی گەنم کەوا گەورە دەبێت و دەبێت گەنم، بە هەمان شێوە پەیمانی کۆن لە پەیمانی نوێدا گەورە دەبێت.

وەکو ئەوەی بیزانیت، دووەمین بەشی نووسراوە پرۆزەکان، واتا پەیمانی نوێ، ناوێکی دیکەی هەیە، کە ئینجیلە. ئەمە وشەیەکی عەرەبیە ئەوە واتای (موژدە). لە ڕاستیدە، پەیامی پەرتووکی ئینجیل هەواڵی زۆر باشە چونکە باسی لەوە دەکات چۆن مەسیح پێشبینیەکانی پێغەمبەرەکانی جێ بەجێ کرد. بەم جۆرە، دەرگای ئاشت کردەوە بۆ نەوەکانی ئادەم ببنەوە لەگەڵ خودا هەتاهەتا.

سەبارەت بە پەرتوکی ئینجیل، دەبێت بزانن کە مەسیح خۆی نەینووسیوە. هەروەك چۆن خودا چەن پیاوێکی بەکار هێنا بۆ نووسینی پەرتوکی پەیمانی یەکەم، بە هەمان شێوە زۆر پیاوی تری بەکار هێنا بۆ نووسینی پەرتوکی پەیمانی نوێ. خودا چوار پیاوی بەکار هێنا بۆ نووسینی چیرۆکی مەسیح کەوا هاتە سەر زەوی. ناوی ئەو چوار پیاوە مەتا و مارقۆس و لۆقا و یۆحەنا بوو. باشە بۆچی خودا چوار پیاوی هان دا بۆ ئەوەی چیرۆکی مەسیح بنووسنەوە؟ بۆچی تەنها یەك پیاوی بەکار نەهێنا بۆ نووسینەوەی پەرتوکی ئینجیل؟ هۆیەکەی ئەمەیە: خودا ویستی پەیامێکمان بۆ بنێرێ کەوا لە دەرەوەی بازنەی گومان بێت و شایەنی متمانەی تەواو بێت. چوار نووسەری بەکار هێنا تاکو ووشەی جێگیر بکەن. هەروەك مێزێك کە چوار پێی هەبێ باشتر ڕادەوەستێ لە مێزێك کە یەك پێی

هەبێ، بۆیە پشت بە چوار شایەت زیاتر دەبەستری لە تاکە شایەتێك. خودا چوار شایەتی گرت، تاکو بزانین کە هەموو ئەوەی لە پەرتوکی ئینجیل نووسراوە سەبارەت بە مەسیح بێ گومان تەواوە! هەروەك خودا ووشەی خۆی چەسپاند لەبیری پێغەمبەرەکانی، بەو شێوەیە چوار پیاوی ڕێنمایی کرد کە لە هەمان چەرخی مەسیح دەژیان تاکو ئەوەی گوێیان لێ بوو و بینیان دەربارەی ڕزگاری دەری بنووسنەوە. (تێبینی: لە ڕاستیدا، خودا هەشت پیاوی هاندا دەربارەی مەسیح بنووسن. نامەکانی حەوارییەکان وەك پۆڵۆس و پەترۆس و یاقوب و یەهوزا هەروەها بەشێکن لە ئینجیل — نووسینەکانی ئینجیل — و هەموو ئەوەی نووسیویانە لە ڕێککەوتنێکی تەواو و شکۆدارە!)

دەزانی بە چ زمانێك مەتا و مارقۆس و لۆقا و یۆحەنا پەرتوکی ئینجیلی پیرۆزیان نووسی؟ بە زمانی یۆنانی نووسییان. بەڵام، ئێمە بە کوردی دەیخوێنینەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەمان یونانی نازانین! سوپاسی خودا دەکەین کە وای کرد شارەزایان ئینجیل وەرگێڕن لە یۆنانیەوە بۆ کوردی و نزیکەی دوو هەزار زمانی تر بە چوار دەورەی جیهانەوە.

بەڵێ، هەندێ جار گوێمان لەو کەسانە دەبێت کەدژی پەرتوکی ئینجیل ڕادەوستن و دەڵێن، (کەس ناتوانێ متمانەی پێ بکات. تەحریف کراوە! هەڵە و شتی دژ بە یەکی تێدایە!) برادەران، ئەوەی دژ بە ئینجیلی پیرۆز شەڕ بکات ئەوا لەگەڵ خودی خودا شەڕ دەکات. بەری ڕۆژیش بە بێژنگ ناگیرێ. نووسراوە پیرۆزەکان شایەنی متمانە و بە گوێ کردنی تەواومانن. هەروەك چۆن ووشەی خودا تەواوە لە تەورات و زەبوورەکان، بە هەمان شێوە لە ئینجیلیش تەواوە. نووسراوە پیرۆزەکان هەرگیز ناتوانرێ بشکێنرێ. خودا مەزنە و دەتوانێ ووشەی تاهەتایی خۆی بپارێزێ! ڕاستی خۆی پاراستووە بۆ هەموو ئەوانەی پڕ بە دڵ بەدوایدا دەگەڕێن. کەس ناتوانێ ووشەی خودای بەردەوام و زیندو لەناو بەرێ! ئەمە ئەوەیە کە پەروەردگار خۆی ڕایدەگەیێنێ لە ئینجیل کاتێ دەفەرموێ: **(ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.) (مەتا ٢٤: ٣٥)**

ئێستاش کاتی ئەوە هات دەست بە گەشتەکەمان بکەین لەنێو پەرتوکی ئینجیل، پەیمانی نوێ گەیشت. لە وانەی ڕابردووماندا، دەربارەی پێغەمبەر مەلاخیمان خویند کەوا چوار سەد ساڵ پێش مەسیح ژیا. لە ماوەی ئەو چوار سەد ساڵەی پاش مەلاخی، خودا هیچ پێغەمبەری تری بۆ جولەکەکان نەنارد تاکو ووشەی خودا بنوسن. باشە بۆچی خودا هیچ پێغەمبەری تری نەنارد؟ هیچ پێغەمبەری تری نەنارد چونکە پەرتوکی پەیمانی یەکەم تەواو بوو. خودا هەموو ئەو شتانەی کەدەیویست بێڵێ لەسەر زاری پێغەمبەرانەوە ووتی. ئێستاش خودا چاوەڕوانی کاتی دیاری کراوە کەوا مەسیح دێنێتە دونیاوە تاکو بتوانێ پەیمانی نوێ دابمەزرێنێ.

تائێستا خوێندمانەوە پێغەمبەر ئیشایا و مەلاخی چییان پێشبینی کرد سەبارەت بە پلانی خودا بۆ ناردنی پێغەمبەرێك پێش مەسیح تاکو ڕێگا خۆش بکات لەپێشی. دەزانی ئەو پێغەمبەرە کێ بوو؟ بەڵێ، پێغەمبەر یەحیا بوو. زەکەریا باوکی یەحیا بوو. زەکەریا کاهینێك بوو کەوا خزمەتی خودا و خەڵکی دەکرد بە پێشکەش کردنی قوربانی ئاژەڵ لەسەر قوربانگاکەی پەرستگاکە لە قودس.

دەبا ئینجیلی پیرۆز بکەینەوە و بخوێنین لۆقا چی نووسی سەبارەت بە لەدایك بوونی پێغەمبەر یەحیا. لە بەشی یەکەم دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: **(لۆقا ١)** [5] **لە سەردەمی هێرۆدسی شای یەهودیا، کاهینێک لە کۆمەڵەی ئەبیا هەبوو ناوی زەکەریا بوو، ئەلیساباتی ژنیشی لە نەوەی هارون بوو.** [6] **هەردووکیان لەبەردەم خودا ڕاستودروست بوون، بێ گلەیی بوون لە پەیڕەوکردنی هەموو ڕاسپاردە و حوکمەکانی خوداوەند.** [7] **بەڵام منداڵیان نەدەبوو، چونکە ئەلیسابات نەزۆک بوو، هەردووکیشیان بە ساڵدا چووبوون.**

[8]**کاتێ لە نۆرەی کۆمەڵەکەی خۆیدا لەبەردەم خودا کاهینیەتی دەکرد...**[10]**هەموو کۆمەڵی خەڵکەکەش لە کاتی سووتانی بخوورەکە لە دەرەوە نوێژیان دەکرد.** [11] **لەوێ فریشتەیەکی خوداوەندی بۆ دەرکەوت، لەلای ڕاستی قوربانگای بخوور ڕاوەستابوو.** [12] **کاتێ زەکەریا فریشتەکەی بینی، پەشۆکا و ترسی لێ نیشت.** [13] **بەڵام فریشتەکە پێیووت: (زەکەریا مەترسە، چونکە پاڕانەوەت بیسترا، ئەلیساباتی ژنیشت کوڕێکی بۆت دەبێت و ناوی لێ دەنێیت یەحیا.** [14] **بۆ تۆ دەبێتە خۆشی و شادی، زۆر کەس بە لەدایکبوونی دڵخۆش دەبن،**

١٥ چونکە لەبەردەم خوداوەند گەورە دەبێت. هەرگیز شەراب و مەی ناخواتەوە. لە سکی دایکییەوە پڕدەبێت لە ڕۆحی پیرۆز و ١٦ زۆر لە
ڕۆڵەکانی ئیسرائیل بۆ لای خوداوەندی خودای خۆیان دەگەڕێنێتەوە. ١٧ بە ڕۆح و توانای ئەلیاسەوە بە پێش خوداوەند دەکەوێت، تاکو
دڵی باوکان بۆ منداڵەکان و یاخیبووانیش بۆ دانایی ڕاستودروستان بگەڕێنێتەوە، تاکو گەلێکی ئامادە بۆ خوداوەند ڕێک بخات.)
١٨ زەکەریاش بە فریشتەکەی وت: (بە چی ئەمە بزانم، چونکە خۆم پیرم و ژنەکەشم بە ساڵدا چووە؟) ١٩ فریشتەکە وەڵامی دایەوە:
(من جبرائیلم لەبەردەم خودا ڕادەوەستم، نێردراوم تاکو لەگەڵت بدوێم و ئەم موژدەیەت بدەمێ. ٢٠ ئەوەتا لە ئێستاوە تۆ لاڵ دەبیت و
توانای قسەکردنت نامێنێت تاکو ئەو ڕۆژەی ئەم شتانە دەبێت، چونکە باوەڕت بە قسەکەم نەکرد، ئەوەی لە کاتی خۆیدا دێتە دی.)

٢١ خەڵکەکە چاوەڕوانی زەکەریایان دەکرد و سەرسام ببوون لە دواکەوتنی لەناو پەرستگادا. ٢٢ کاتێ هاتە دەرەوە نەیتوانی لەگەڵیان
بدوێت، جا زانییان کە لە پەرستگادا بینینێکی دیتووە، چونکە ئیشارەتی بۆ دەکردن و بە لاڵی مایەوە. ٢٣ کاتێ ڕۆژانی
خزمەتکردنەکەی تەواوبوو، گەڕایەوە ماڵ. ٢٤ دوای ئەو ڕۆژانە، ئەلیساباتی ژنی سکی کرد،... ٢٥ (خوداوەند ئاوای لەگەڵ کردم لەم
ڕۆژانەدا ئاوڕی لێم دایەوە، تاکو لەناو خەڵکی شورەییم لابەرێت.)

دەبینین چۆن خودا جبرائیلی فریشتە نارد بۆ لای زەکەریا بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیێنێ چۆن ئەلیساباتی خێزانی کوڕێکی دەبێ. ئەم کوڕە دەبێتە پێغەمبەرێکی گەورە کەوا ڕێ خۆش دەکات لە پێش مەسیح. بۆیە، لە کۆتایی بەشەکە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ١)

٥٧ ئەلیساباتی کاتی منداڵبوونی هات و کوڕێکی بوو. ٥٨ جا دراوسێ و خزمانی بیستیان خوداوەند بەزەیی فراوانی خۆی بۆ دەرخستووە،
لەگەڵی شادومان بوون. ٥٩ لە ڕۆژی هەشتەمدا بۆ خەتەنەکردنی منداڵەکە هاتن، لەسەر ناوی باوکی ناویان لێنا زەکەریا. ٦٠ بەڵام
دایکی وتی: (نەخێر، ناوی دەنرێت یەحیا.)

٦١ پێیان وت: (کەس لە خزمانت بەم ناوە نەنراوە.) ٦٢ ئینجا ئیشارەتیان بۆ باوکی کرد، دەیەوێت چ ناوێکی لێ بنێت. ٦٣ تەختەیەکی
داواکرد و لەسەری نووسی: (ناوی یەحیایە.) هەموو سەرسام بوون. ٦٤ دەم و زمانی زەکەریا کرایەوە، قسەی کرد و ستایشی خودای
دەکرد. ٦٥ هەموو دراوسێیەکانیان ترسیان لێ نیشت و لە سەراپای زوورگەکانی یەهودیا باسی هەموو ئەم شتانە دەکرا. ٦٦ هەموو
ئەوانەی بیستیان لە دڵی خۆیاندا هەڵیانگرت، وتیان: (ئایا ئەم منداڵە دەبێتە چی؟) چونکە دەستی خوداوەندی لەگەڵبوو.

٦٧ زەکەریای باوکیشی پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و پێشبینی کرد، وتی: ٦٨ (ستایش بۆ خوداوەند، خودای ئیسرائیل، چونکە گەلەکەی
بەسەرکردەوە و کڕییەوە. ٦٩ شاخی ڕزگاریمانی هەڵستاندەوە، لە ماڵی داودی خزمەتکاری، ٧٠ وەک لە کۆنەوە بە زمانی پێغەمبەرە
پیرۆزەکانی دوواوە، ٧١ ڕزگاربوون لە دوژمنانمان و

لە دەست هەموو ناحەزانمان، ٧٢ بۆ دەرخستنی بەزەیی بۆ باوکانمان و بۆ یادکردنەوەی پەیمانە پیرۆزەکەی. ٧٣ ئەو سوێندەی بۆ
ئیبراهیمی باوکمانی خوارد: ٧٤ لە دەست دوژمنانمان دەربازمان بێت، کە بماندات بێ ترس بیپەرستین، ٧٥ هەموو ڕۆژانمان بە پیرۆزی و
ڕاستودروستی لەبەردەمی.


لەپاش ئەوەی زەکەریا ئەمەی وت، ڕووی لە یەحیا کرد، ئەوەی کۆرپە بوو و وتی، ٧٦ تۆش ئەی منداڵ، بە پێغەمبەری خودای
هەرەبەرز ناودەبردرێیت، چونکە پێش خوداوەند دەکەویت، تاکو ڕێگای بۆ ئامادە بکەیت، ٧٧ تاکو زانیاری ڕزگاری بە لێخۆشبوونی
گوناهەکانیان بدەیتە گەلەکەی، ٧٨ بەهۆی بەزەییە بەسۆزەکەی خودامانەوە، کە بەهۆیەوە ڕووناکی لە بەرزاییەوە بەسەرماندا
دەڕەخشێت، ٧٩ تاکو بەسەر ئەوانەی لە تاریکی و لە سێبەری مەرگدا دانیشتوون بدرەوشێتەوە، بۆ ئەوەی پێیەکانمان بە ڕێگای
ئاشتیدا ببات.)

بۆیە، زەکەریا ستایشی خودای کرد لەپاش لەدایك بوونی یەحیا لەبەر ئەوەی زانی کەکاتی لەدایك بوونی مەسیح هاتووە! یەحیا، کوڕی زەکەریا، مەسیح نەبوو، بەڵکو ئەو کەسەی لەپێش مەسیح دێت تاکو هاتنی مەسیح ڕابگەیێنێ و ئامادەباشی بکات لەپێشی.

حەز دەکەین بۆ جاری داهاتووش لەگەڵمان بن کاتێ ئەو چیرۆکە دەخوێنینەوە دەربارەی چۆن خودا جبرائیلی فریشتەی خۆی نارد بۆ لای پاکیزەیەك بەناوی مەریم تاکو پەیامێکی زۆر گرنگی پێ ڕابگەێنێت. وانەی داهاتوومان پڕ دەبێت لە ڕاستی بە بەها.

خودا بەرەکەتدارت بکات کە بە ووردی سەرنجی ئەم ووشانەی زەکەریا دەدەیت:

(ستایش بۆ پەروەردگار!... چونکە گەلەکەی بەسەرکردەوە و کڕییەوە. شاخی ڕزگاریمانی هەڵستاندەوە، لە ماڵی داودی خزمەتکاری، وەک لە کۆنەوە بە زمانی پێغەمبەرە پیرۆزەکانی دوواوە، (لۆقا ١: ٦٨–٧٠)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی خودا پەرتوکی پیرۆزی خۆی کردووە بە دوو بەش، پەیمانی یەکەم و پەیمانی دووەم؟

٢. ئەم جیاوازییە گرنگە لەنێوان پەیمانی یەکەم و پەیمانی نوێ ڕوونە لای ۆت؟

٣. بۆچی خودا چوار پیاوی هان دا بۆ ئەوەی چیرۆکی مەسیح بنووسنەوە؟ بۆچی تەنها یەك پیاوی بەکار نەهێنا بۆ نووسینەوەی پەرتوکی ئینجیل؟

٤. دەزانی بە چ زمانێك مەتا و مارقۆس و لۆقا و یۆحەنا پەرتوکی ئینجیلی پیرۆزیان نووسی؟

٥. بۆچی خودا هیچ پێغەمبەری تری نەنارد؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org